# پشوو درێژترین خەباتی مانگرتنی خوێندکارانی کوردستان

نەوزاد عەلی ئەحمەد– سوید

خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی (سەلاحەددین) لە نێوان ساڵی 1969 تا 1991دا بە تایبەتی لە 1980 تا 1990 داینەمۆی ڕێکخستنە نهێنییەکانو خەباتی سەختی مانگرتنو سەرتۆپی خۆپیشاندانە خوێناوییەکانو پێشمەرگەی دوای تەواوکردنی خوێندن بوون،کە لەو پێناوەدا خاوەنی باڵایەکن لە سەروەرییو مەدالیایەکن لە شەهید بوونو ڕەفتارێکن لە ئاکاری شۆڕشگێڕانە بەڵام بە داخەوە تا ئێستا نەک لە ڕستەیەکدا بەڵکو لە حەرفێکدا دوای 16 ساڵ لە ڕزگارییو نەمانی بەعس لە کوردستاندا نە باسکراون نە ڕێز لە خەباتو پێشڕەوێتییەکەیاندا نراوە!!

ژیانی خوێندن لە زانکۆی ناوبراودا بریتی بوو لە ژیانی نێو ئۆروگایەکی زۆرەملێو لە زۆربەی ساڵەکانی خوێندندا ڕەفتارو عەقلیەتی میلیتاریانەی بەعس خوێندکاریان ڕووبەڕووی شێوازێک لە شێوازەکانی تەبعیسو جەیشی ناشەعبیو تەتەوع دەکردەوە،ئەمەو بێجگە لە شەڕی دەروونی ،ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان دەنواندو ئەو جۆرە سیاسەتانەیان ڕەتدەکردەوە.

ڕووداوەکان ئەوەندە زۆرن ناکرێتو ناتوانرێت لە نووسینێکی لەم شێوەیەدا هەموویان دەور بکرێنەوەو باس بکرێن،بۆیە لەم نووسینەدا تەنیا چوار بەڵگەنامە دەخەینە ڕوو کە بریتین لە چالاکییەکانی دەستەی (لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران) کە سەرپەرشتی مانگرتنەکەی زانکۆی سەلاحەددین(زانکۆی ڕاگوێزراوی سلێمانی)یان لە ساڵی 1984 کردووە،کە ئەو مانگرتنە بریتییە لە پشوو درێژترین مانگرتن لە مێژووی مانگرتنەکانی خوێنکارانی کوردستاندا، لە کۆتایدا بەعس ملی بۆ زۆربەی مەرجەکانی لیژنەی ناوبراو شۆڕکرد.

لەم نووسینەدا لە ئەندامانی لیژنەکە و کۆبوونەوەو بنەماکانی کارو چالاکییەکان نادوێم تەنیا ئەم چوار بەڵگەنامەیە دەخەمە بەردەست، کە هیوادارم لە نووسینیتردا بە وردی لە دەستەی ناوبراو مانگرتنی ناوبراو بدوێم، دەستەی لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران بەیاننامەو چالاکیتریشیان نواندووە،هەروەها بۆ ئاگاداریتان بەڵگەنامەکانم دەقاو دەق نووسیوەتەوەو ئەسڵەکانیش داندراون.

- سەرنج؛ بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە ئەندامانی لیژنەکە دەتوانرێت سەیری ئەم وتارە بکرێت ( سالار ڕەشید،بیست ساڵ لەمەوبەر،مانگرتنی عەزیمی خوێندکاران) ماڵپەڕی دەنگەکان ئەرشیفی نووسەران.
- ئەمەش دەقی بەیاننامە(ڕاگەیاندن)ەکانە؛

---

با تاقیکردنەوەی ئەم ساڵەمان یەکگرتن بێت،مانگرتن بێت

هەردوو رژێمی گەندەڵی سەرمایەداری عێراقو ئێران، بۆ پارێزگاری کردن لە مانەوەیانو دزینی بەری رەنجی زەحمەتکێشان، پەنایان بردۆتە بەر بێپەردەترین شێوەی سەرکوت کردن، ئەم سەرکوت کردنە ئێمەی خوێندکارانیش لێ بەش نەبووین.ئەوەتا هەتا ئێستاش سوورن لەسەر چەکدارکردنی زۆرەملێمان.بەڵام هەڵوێستی خوێندکاران وەک لە (زانکۆی راگوێزراو) دەرکەوت مل کەچ نەکردنە بۆ چەکدارکردنیان، ئەوەبوو لیژنەیەکیان پێک هێنا کە پەیوەست نیە لەگەڵ هیچ لایەنێک، بەڵکو لە خودی خوێندکارانەوە هەڵقوڵاوەو بەرژەوەندی ئەوان دەخاتە پێش مەرامو ئارەزووی گشت لایەنو کەسێک، وە توانییەتی مانگرتنی خوێندکاران تا ئێستا رێک بخاتو هەڵوێستی زانکۆو پەیمانگاکانی موسڵ بۆ پشتیوانی لە خوێنکارانی زانکۆی راگوێزراو کەم وێنەیە، بەمە سەنگو تەوژمێکیتریان بە مانگرتنەکە داوە، دیارە مانگرتن خەباتەو خەباتێکی واپیرۆزە کە رژێمی والێکردووە جارێکیتر دەستی بە زاخا نەکات.دەبێت ئەوەیش بزانین خۆپیشاندانی هێمنانە لە بەرامبەر رژێمی پەتو سێدارەی عیراق(ممکن) نیە، ئەوەتا لە سلێمانی خۆڕاگردا بە ئاگرو ئاسن پێشوازی لە خوێندکارو جەماوەر کراوە، بووە هۆی شەهید بوونو بریندار بوونی چەندان هاوڕێ، وە لە هەولێرو کەرکووکدا بە لێدانو گرتن وەڵامیان درایەوە.

ئەی خوێندکارانی هەڵوێست پۆڵایین!

با مانگرتنمان درێژە پێ بدەینو(امتحان)ی سەری ساڵ نەدەین، هەتا ئەم داواکارییان دێنە دی؛

1- هەڵگرتنی(تدریب)ی زۆرەملێ لە دوارۆژیشدا. 2- گەڕانەوەی خوێندکارە فەسڵ کراوەکان. 3- گەڕانەوەی مامۆستاو فەرمانبەرە دەرکراوەکان. 4- سڕینەوەی غیابات. 5- درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بۆ (25) رۆژ، لەو کاتەوەی کە (اعلان)ی رەسمی داواکارییەکان دەردەچێت، بۆ امتحاندانی فەسلیو خوێندنەوەی(محازەرات). 6- بەردانی خوێندکارە گیراوەکانو بەکارنەهێنانی هیچ (ئیجرائات)ێک بەرامبەر خوێندکاران لە دوارۆژیشدا.

نەمریو سەربەرزی بۆ شەهیدان!

مردنو سەشۆڕی بۆ رژێمو خوێنکارە بێهەڵوێستەکان!

**لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران**

1984/5/17

---

**مانگرتنی پۆلاییمان سەلماندی لە بەرەی زەحمەتکێشانداین**

ئیمپریالیزم توانیویەتی سەرمایەداری دەسەڵاتداری عێراقی بە تۆڕێکی چڕ لە پەیوەندی وابەستەیی بە خۆیەوە گرێ بدات، کە زامنکەری زێدە قازانجیەتی، دیکتاتۆری ئیرهابیش پارێزەری ئەو پەیوەندییەیە، ئەم دیکتاتۆیەتە تەنها بۆ سەر کرێکارانو زەحمەتکێشان نییە، بەڵکو زۆربەی توێژە جیاجیاکانی وردە بۆرژوازیشی گرتۆتەوە، بە تایبەتی توێژە رۆشنبیرەکەی(خوێنکارانو مامۆستایان) نەبوونی هیچ جۆرە دیموکراتیەتێک لە خوێندن کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا

دەبینێتەوە راستی بۆچوونەکەمان دەسەلمێنێت؛ 1- سەپاندنی خوێندن بە زمانی نەتەوەپەرست. 2- نەبوونی سەربەخۆیی خوێندنگاکان.3- نەبوونی پرۆگرامی زانستی بۆ خوێندن.4- بەشدار نەکردنی خوێندکاران لە ئەنجومەنی خوێندنگاکان 5- جیاوازی کردن لە نێوان خوێندکاراندا بە هۆی جیاوازی بیرو نەتەوە. 6- نەقڵ کردنو دەرکردنی مامۆستاو فەرمانبەران. سەرەڕای ئەم هەموو مەینەتیەش رژێمی پەتو سێدارە دەیەوێ خوێندکاران کێش کاتە شەڕی کۆنەپەرستانەی عێراق-ئێران،بە مەبەستی بەکارهێنانیان وەک هێزێکی بەشەری لە شەڕدا وە بۆ سەرکوت کردنو لە باربردنی ناوکی ئەو بزووتنەوەیەی لە ناو خوێندکاراندا هەیە.راپەڕینەکەی 1982و مانگرتنی (50) رۆژەی ئەم ساڵی خوێندکاران سەلماندی خوێندکاران نەک هەر نابن بە ئەداتی قەمعی رژێم بەڵکو خۆیان بە هاوخەباتی کرێکارانو زەحمەتکێشان ناساند.

ئەی خوێنکارانی خۆڕاگر !

دە چۆن توانیمان یاسایەک لە یاساکانی رژێم رەت بکەینەوە،دە چۆن توانیمان بە مانگرتنمان زەمینە بۆ دروست بوونی چەندان لێژنە خۆش بکەین،کە شێوەیەکی نوێی خەباتو دەرسێکی پیرۆزە بۆ هەموو خەڵکی شۆڕشگێڕی ناوچەکە،با هەر بەو جۆرەش بە فڕوفێڵی هیچ کەسو دامو دەزگایەکی رژێم وەک پارێزگاری چەپەڵی سلێمانیو لێپرسراوانی زانکۆو پڕوپاگەندەی ئێزگەو چاپەمەنی هیچ لایەنێک هەڵنەخەڵەتێینو ئاشبەتاڵ بە مانگرتنەکەمان نەکەین هەتا داواکاریەکانمان دێتەدی کە لەم کاتەدا ئەمانەن؛ 1- لابردنی (تدریب)ی زۆرەملێ لە دوارۆژیشدا. 2- گەڕانەوەی خوێندکارە (فەسڵ)کراوەکان (چ بە هۆی رەفزکردنی- تدریب-ەوە وەیان بە هۆی خەباتی مانگرتنەوە). 3- گەڕانەوەی فەرمانبەرە نەقڵ کراوەو دەرکراوەکان. 4- دووبارە کردنەوەی تاقی کردنەوەی خولی یەکەمی سەری ساڵ لە (100) نمرەدا.5- بەردانی خوێندکارە گیراوەکانو بەکارنەهێنانی هیچ جۆرە ئیجرائاتێک لە دوارۆژیش.

کرێکاران.. زەحمەتکێشان!

هەر وەک چۆن خوێندکاران سەلماندیان هاوخەباتتانن،دە ئێوەش لەم هەڵوێستە پیرۆزە پشتیوان بکەن،کە پەیوەندە لەگەڵ مافە دیموکراتیەکانتان،وەک مافی ئازادی (بیروباوەڕ،کۆبوونەوە،کۆڕبەستن،پێکهێنانی رێکخراو،مانگرتن،خۆپیشاندان،چاپەمەنی.. هتد)

نەمرێو سەربەرزی بۆ شەهیدانمان !

سەرکەوتوو بێت بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان!

ریسوابێ رژێمو هەڵپەرستانو خوێندکارە بێ هەڵوێستەکان

**(ل.ن.خ) لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران**

1984/6/3

---

**بەردەوامیمان لە مانگرتنی یەکگرتووانە،راستترین هەڵوێستی خوێندکارانە**

**ئەی جەماوەری خوێندکارانی تێکۆشەر !**
**ئەی خوێندکارانی خۆڕاگری زانکۆی ڕاگوێزراوی سلێمانی!**

**وا خولی دووهەمی تاقی کردنەوەکان هاتە پێشەوە،کە بە فڕوفێڵو نەخشەی ڕژێمو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژواکان سەربڵند دەکاتەوەو دێنە گۆڕەپانی ململانێ کردن لەگەڵمان،بۆ ئەوەی بتوانن مەرامیان مەیسەر بکەن جا هەر یەکەیان بە چەشنێک کە بۆ خۆی قازانجیان لێ بکات،بۆیە دەبێت لەو مەترسیەی کە دێتە ڕێمان ئاگادارو تەییاربین،هیچ پڕوپاگەندەو هیچ فێڵێک لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەمان لانەدات کە هێشتا هەر بەردەوام بونە لە مانگرتنو نەچوونەوەیە بۆ امتحان،دیارە ئێمە هەر لەسەرەتاوە بۆ چەند داواکاری‌یەکی ڕەوا مانمان گرتووە،کە یەکێک لەوانە گێڕانەوەی هاوڕێ فەسڵ کراوەکانمانە کە هەتا ئێستا ڕژێم پێی لەسەر داگرتووە،کە چوونەوەمان هەڵپەرستی‌و خەیانەتە بەرامبەریان،وە ئەگەر ئەوانیش بگێڕنەوە ئەوا داواکاریەکانی پێشومان کاتی بەسەرچووەو (مفعول)ی خۆی نەماوە،چونکە دەبێتە هۆی دەرنەچوونی زۆربەی هاوڕێکانمان،ئەمە وێڕای لە دەستدانی گەورەترین شانازی‌یەک کە هەڵوێستی جوامێرانەمانە بەرامبەر ڕژێمی سەرمایەداری کە دەیەوێت بە زۆر چەکدارمان کاتو بمانکاتە سووتەمەنی شەڕی ناڕەواو ماڵوێرانکەری ئێراق– ئێران،کە نەتیجەی حەتمی سروشتی چینایەتی هەردوو ڕژێمی دەسەڵاتدارە.**
**بۆیە خۆڕاگرتنو نەخلیسکان گەورەترین دەرسی سەروەری لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستانو عێراق ناوچەکە،بۆ گشت خوێندکارانو خەڵکی زەحمەتکێش تۆمار دەکات.**
**کرێکاران،زەحمەتکێشان!گەلی کۆڵنەدەری کورد!**
**بزووتنەوەی خوێندکاران بۆ وەدی‌هێنانی مافەکانیان،بەشێکی نەپچڕاوەیە لە بزووتنەوە دیموکراتیەکەتان،بۆیە پشتیوانی کردنی خوشکو براو ڕۆڵەکانتان بە هەر شێوەیەک بێت،ئەرکی مێژوویی ئەستۆتانە.دەبا زیاتر لە جاران یەکگرتوو بینو نەهێڵین ڕژێمو هیچ لایەنو کەسێک زەفەرمان پێ ببەنو پشتمان لە زەوی پێ بدەن!**
**سەرکەوتووبێت بزووتنەوەی دیموکراتیانەی خوێندکاران!**
**نەمری بۆ شەهیدانمان!**
**ریسوا بێت ڕژێمی دیکتاتۆری عیراق!**
**ریسوا بێ هەر لایەنو کەسێک کە هەڵوێستمان لاواز دەکات!**

**لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران**
1984/7/25

---

**سەرهەڵدانی شەڕی عێراق– ئێران ئەنجامی ئارەزووی شەڕخوازانەی هیچ چەقۆکێشێک یان عەمامە لەسەرێک نی‌یە بەڵکو درێژەپێدانی سیاسەتی بۆرژوا– ئیمپریالیستە لە ناوچەکەدا بۆ پارێزگاری**

کردن لە هەلو مەرجی بەرهەم هێنانی ئیمپریالیستەکانە کە لەم ناوچەیەدا کەوتۆتە لەرزەوە بۆ هەرچی زیاتر سەرکوت کردنی کرێکاران‌و زەحمەت کێشانی وولاتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم،کە تا ئێستا درێغیان نەکردووە.سەگی پاسەوانی هەمان بارودۆخی بەرهەم هێنان کە دیکتاتۆری ئیرهابی‌یە لە عێراقدا دڵی ئیمپریالیستەکانی نەشکاندووەو ئەوەی لە دەستی هاتبێت کردوویەتی‌و دەیکات لە کوشتو بڕوماڵ تاڵان کردن‌و سەرکوت کردن لە سەرتاسەری عێراقدا.

بەڵام هەڵگیرساندنی شەڕی کۆنەپەرستانەی عێراق–ئێران باشترین وەسیلەیە بۆ زیاتر داسەپاندنی دیکتاتۆریەتی رەشی خۆی وە لەباربردنی ناوکی هەر بزووتنەوەیەک کە هەڕەشەی لە ناوبردنی بکات هەر بۆیەش تائێستا هەزاران لاوی کردووە بە قوڕگی ئەم  شەڕە ناڕەوایەداو لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا،سەرەڕای بە سەربازی کردن کە ئیتر دەرچوونی بۆ نی‌یە مەگەر بە کوژرانی لەبەرەکانی شەڕ یان سەرەو نگون کردنی رژێمی سەرمایەداری عێراقی.ئەم سیاسەتە رەشەی رژێم لە هەموو ناوچەکانی عێراق بە زۆری سەری گرتووە لە کوردستاندا نەبێت ئەوەش بە هۆی بوونی بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە کە رژێم هیچی پێ نەکراوە.بەڵام بە هۆی پیادەکردنی سیاسەتی سەوداکارانەی بۆرژوازی کوردی‌یەوە ئەمڕۆ  بەرەو رووی بارودۆخێکی نوێ بوینەتەوە.تیرۆریستەکان تا ئێستا ئەوەی بۆیان بە ئەنجام نەگەیشتووە هەوڵی بۆ دەدەن ئەمەش لە گوللە باران کردنی سەربازی راکردوو بە بەرچاوی کەس‌و کاریانەوەو توندکردنی سەدان کەس لە زیندانی هەموو شارەکان‌و فەسڵ کردنی سەدان کرێکارو خوێندکارو مامۆستا لە کارو پیشەیاندا بە بیانووی بەشداری نەکردن لە شەڕەکەیدا دەردەکەوێت.دیارە خوێندکاران‌و بە تایبەت خوێندکارانی زانکۆی راگوێزراو،هەر لە سەرەتاوە ئەرکی سەرشانی خۆیانیان هەست پێکردووەو ملیان بە چەکدارکردنی رژێم  نەداوە.بێگومان سەر شۆڕ نەکردن،یەکگرتن،هەڵوێستی پشتگیری کردنی هاوڕێیانی فەسڵ کراو، پیشاندانی شێوە خەباتێکی لەم جۆرە،سەرکەوتنێکی گەورەیە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک کەسانی هەلپەرست.

ئەی جەماوەری خوێندکارانی خۆڕاگر!

درێژەدان بە مانگرتن‌و نەچوونە هۆڵی تاقی‌کردنەوەی خوولی دووەمەوە جارێکی‌تر رەوایی مەسەلەکەمان ئەسەلمێنێت،پشتیوانی کردنی ئەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیە لە لایەن خوێندکارانی سەرانسەری عێراقەوە ئەرکێکی مێژوویی‌یە بۆ بە دەست هێنانی ئەم داواکاریانە کە لەم بارودخە ئەمانەن؛

1– لابردنی تەدریبی زۆرەملێ لە دوارۆژیشدا. 2– گەڕاندنەوەی خوێندکارو مامۆستاو فەرمانبەرە فەسڵ کراوەکان. 3– خوێندنی ساڵی پار (1983– 1984) بە (التاجیل الدراسی) بژمێررێت،بۆ هەموو ئەو خوێندکارانەی لەبەر چەک هەڵ نەگرتن فەسڵ کراون‌و هەموو ئەوانەش بۆ پشتگیری لەمان مانیان گرتووە،بە دابین‌کردنی(موخەسەسات)و بەشی ناوخۆیی‌یەوە. 4– بەکارنەهێنانی هەموو جۆرە(ئیجرائات)ێک بەرامبەر بە خوێندکاران لە دوارۆژیشدا.

کرێکاران،رەنجدەران،گەلی قارەمانی کورد!

دەبا پشتی یەک بگرین،پشتگیری‌کردنمان بۆ یەکتری هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ بەدەست هێنانی مافە دیموکراتیەکانمان.

سەرکەوتووبێت بزووتنەوەی دیموکراتی خوێندکاران!

نەمری بۆ شەهیدەکانمان‌و گشت شەهیدانی رێگای دیموکراتی.

**لێژنەی ناوخۆی خوێندکاران**

1984/9/14